# مەتەڵۆك

## پەیڤێك بۆنامەی پێشکەوتنخوازە ئێکسپایەرەکان

***********

کامیل ژیر

*****

دنیایەکی زۆر سەیرە
هەرچی باڵێبێ تەیرە !
گورگەو لە پێستی مەڕە
مەڕ ئارەزووی لەشەڕە !
زین لە پشتی سەگا یە
پاشای بێشەلآن : گایە !
شێر بە فێڵی پشیلە
ئاژەڵێکی زەلیلە
خەڵکانێ گوایە نووسەر
رەحمەت لەبا پیری کەر!
بەناو جۆگەدا ئەڕۆن
لەهەردولاوە ئەخۆن
ئەسکویێ قازان و دیزەن
چە نجەمسەرو چەنچیزەن
قەڵەموەشێن خۆیانن
دۆنکیشۆتی مەیدانن
وائەزانن خامەیان
شمشێرەو تیروکەوان !

*

گەرچی ئیکسپایەرن
زرەداری بێبەرن
ئەزانن گۆشتی سەرشان
لەکوێوە دێتە ژێردان
دووگی چەوری کەمینە
بۆ پێخۆری زۆرینە
لایان راست و رەوانە
ماف بۆ بێماف تاوانە !
لێدەن هەلەو لەبارە
کێشکردنی دۆلارە !
پرۆلیتێری هەژا ر
بوو بەخاوەنی تەلار

*

هاوڕێیانی چەوساوە!
سەرم لێیان سوڕماوە
جووتیان بەوەرزی باران
ئاشیان لە مەرزی شاران
باش هەڵگا، کۆستەکۆستە
هەرچی خاوەنی پۆستە
بۆیەهەڵدێ تا گوندەڕەش
ئەو خەڵکەش بە سەری هەش

*

سەیرەو سەیرو سەمەرە
چ رۆژێکەو چ دەورە !
نووسەرانی دوامۆدێل
لایانوایە خەڵکی گێل
ئێستەش هەروائەزانن
گوڕنەتەڵەی جارانن
ئەڵێن مرۆڤپەروەرین
نوێیرو تێکۆشەرین!
وەکو خەڵکی : نەزانن
روەکی کام بێستانن
بێستانێکی بێبەرهەم
لەهیچ پڕو لەبەر کەم

*

وەك ئەوەی کونەماسی
لەجرتاوایە پاسی !
لێرە پڕو وڕو کاس
لەڕێی خوادا لەوێ پاس!
ئاوا ئەو پیاوچاکانە!
پەرۆشن بۆ بێگانە
بۆ داهات و بەراتیان
بۆ یەکێتیی ولآتیان
نەبا درزێ بهێنێ
بێماف مافی بسێنێ
وەکو نۆکەر ئاغابێ
ئاغاش کۆیلەو گەدابێ!
بەلێ هەروەکو شاخێ
ژانگرتنی لەداخێ
بەهەزار هەیتوهاوار
مشکێکیان لێکەوتە خوار!
دەك داڕزێ خامەتان
بۆخۆتان و نامەتان
مەتەڵ مەتەڵ مەتیزە
کەرو بارو نەقیزە
مەتەڵ خەوش و دژوارە
ناوێکە جێی جلخوارە
مەتەڵ سووکە بۆ وردبین
یەك زاراوەی ناشیرین ؟

1- فەرهەنگۆك :
ئەسكویَ:كەوچك
قازان :مە نجەلَ
گوڕنەتەلَە :لەسەرگورشتەدا ئەو مندالَەی دێویش ئەخەلَەتێنیَ
كۆستەكۆستە :تێكدانەوەی یاری.

كونەماسی وجرتاوا :دوو گوندبوون لە پاریزگای سلیمانی.
نەقیزە :ئەو دارەی بزمارێكی بەسەرەوەیەو ئەیكەن بەكەردا.
جلخوار:كوردە توركخوازەكان.

2- بۆ وەرگرتنی خەلاَت تكایە سەرنج و وەلاَمەكانتان بنێرن بۆ رۆژنامەی میدیاو بۆ :
jeerkamil@yahoo.com